# ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی.. دیسان وەڵام بە هاوڕێ سامان.

خەسرەو سایە

بەدوای بڵاوکردنەوەی وتارێکی ڕەخنەگرانەم لەبۆچونەکانی هاوڕێ سامان کەریم سەبارەت بەمەسەلەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، چاوەڕوانیم ئەوەبوو کەوەڵامێکی کۆنکرێت بەو دەیان پرسیارو سەرنجانە بداتەوە کە لەو وتارەدا بەرەوڕووی کراوەتەوە، وەیا لانی کەم ڕێگایەکی دروست بۆ ئەو ناکۆکیانە بخاتە بەردەست کەلە بۆچون وهەڵویستەکانیدا لەمەر ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی تێ کەوتووە. لەمەش کەمتر چاوەڕوانی من ئەوەبوو کە هیچ نەبێت قسەیەکی لەسەر ئەو جیاوازیانە بکردایە کەلەبۆچون وهەڵویستەکانیدا سەری هەڵداوە و پێمان بڵێت کە لە سەر بنەمای چ لێکدانەوەیەک لەساڵی 2014دا وەک لایەنگرێکی ڕیفراندۆم و سەربەخۆی هەڵوێست دەگرێ و بۆچی لە2017 دا بەپێچەوانەکەی گەیشتووە. بەداخەوە هاوڕێ سامان گەرچی وانیشان دەدات کەوتارەکەی بەناوی "دەوڵەتی کوردی و دیباتی نێوان کۆمۆنیزم و ناسیونالیزم!"، وەلامێکە بە وتارەکەی من، بەڵام بەهیچ جۆریک خۆی لەقەرەی بابەت و بڕگەکانی ئەو وتارە و ناوەرۆکی ڕەخنەکان نەداوە و تەنها لەگۆشەو کەنارەوە چەند جارێک ئاماژەی بۆ ناوی من و وتارەکە کردووە، تا بەهەموان بڵێ "وەڵامێکم داوەتەوە!". بێگومان لەبەرامبەر ئەنجامێکی ئاواشدا دروست ئەوەیە کە بڵێم تەواوی ئەو رەخنە و بۆچون و پرسیارانەی کە لەوتاری "ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!- وەڵامێک بە هاوڕێ سامان کەریم- " هاتووە، لەشوینی خۆیدا باقین و چاوەڕێی وەلامن. بەڵام ئەمە خۆێ گوزارشت لە شیوازێکی دیاریکراو لەجەدەلی سیاسی دەکات، کەناکرێ بەفەرامۆشی بسپێردرێت.

**شێوازی هاوڕێ سامان لەجەدەلی سیاسیدا!**

هاوڕی سامان دوایین ڕەستەی وتارەکەی بەوە کۆتایی دێنێت کە: "پێویستە ئەلگۆیەکی ڕاقی و مۆدێرن لە دیبات و گفتوگۆ بۆ کۆمەڵگا نمایش بکەین"، بەلام ئایا خودی خۆی لەوەڵامەکەیدا بە بۆچوون و ڕەخنەکانی من پەیرەوی لەم ئەلگۆیە کردووە؟ بەداخەوە هاوڕێ سامان پەنای بۆ شێوازێک لە جەدەلی سیاسی بردووە کە بە یەکجاری پێچەوانەیە لەگەڵ "ئەلگۆیەکی ڕاقی و مۆدێرن لەدیبات و گفتوگۆ"، چونکە لەباتی ئەوەی وەلامدانەوەیەکی کۆنکرێت بەڕەخنە و بۆچونەکانی نێو وتارێکی دیاریکراو، بخاتە بەردەست، باسەکەی بردۆتە شوێنێکی تر و ئاگاهانە، تەرەفی بەرامبەر و تەواوی ئەو ڕەخنە و بۆچوونەنای کە ئاراستەی کراوە، لە"دیباتی نیوان کۆمۆنیستەکان و ناسیونالیستەکاندا" وونکردووە و بەم جۆرەش جەدەلێکی سیاسی نیوان دووکەسی گۆڕیوە بۆ گفتوگۆی نیوان دووجولاَنەوەی کۆمەڵایەتی. ئەم شیوازە لە جەدەلی سیاسی کاتێک خۆی بەرجەستە دەکاتەوە کە هاوڕی سامان بەزمانی "هاوڕیان" بەگشتی دەدوێ و "حەریف" و موخاتبی وەڵامەکەی خۆی لە کەسێکی دیاری کراوەوە دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵە کاسانێک کە نە ناویان مەعلوم و نە بۆ چونەکانیشان تایتڵێکیان هەیە. بەتایبەتی کاتێک کە "نوسینی هاوڕیانێک"، وەیا " نووسەرانی بزووتنەوەکەمان"، وەیاخۆد "بۆچوونی هاوڕیانێک"، وەک تەرەفی بەرامبەر لەم جەدەلە سیاسیەدا، لەلایەن ئەوەوە کراونەتە نێشانەیەک بۆ ئاراستەکردنی ڕمی وەلامەکانی خۆی. ئەمە ئیتر نەک هەر بەشەبەح کردنی خاوەنی بۆچونەکان و تێکەڵکردنیانە بەوجۆرەی کە دڵ دەیخوازێ، بەڵکو خۆ دەربازکردنێکی خشکەییە لە ڕەخنەی بەرامبەر و بازدانە بەسەر هەر راستیەکدا کە لە ئەنجامی ئەم جەدەل و گفتۆگۆیەدا سەوزبووە.

دیارە ئەو هەقی خۆیەتی بەچ شێوازێک "دیبەیت" بەڕی دەخات، تەنانەت هەقیەتی بوچونی "هاوڕیان بەگشتی" و"نوسەرانی بزوتنەوەکەمان" و بۆچوونەکانیان هەڵسەنگێنێ و بیانداتەبەر رەخنە، بەلام ناهەقی دەکات ئەم شیواز و دیبەیت کردنە بەپای وەلامدانەوە بەکەسێکی دیاریکراو و بۆچوونیکی دیاریکراو کە هەلگری ناو و تایتلێکی دیارکراوە بنوسێ. هەروەها ناهەقی دەکات بۆ سەپاندنی بۆچوونەکانی دەست بۆ "موجامەلەی سیاسی" و" نائەمانتداری لە گواستنەوەی بۆچونەکان" بەرێ و داواش لەبەرامبەرەکەی بکات کە "ئەلگۆیەکی راقی و مۆدێرن نمایش بکات.

بەدڵنیایەوە شیوازێک لەجەدەلی سیاسی کەهاوڕێ سامان پشتی پێبەستووە، نەک هەر کەمترین کۆمەک ناکات بە ڕۆشنکردنەوەی جیاوازیەکان و جێگیرکردنی سیاسەتێکی کۆمۆنیستی، بەڵکو فەزایەکی ناسالم و سەرەگێژە لەئاست بزوتنەوەکەماندا دەخولقێنێت. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە جەدەلی سیاسی و خەباتی فکری بەلای ئەوەوە مەیدانێک نیە بۆ هەڵگرتنی بەربەستە زهنیەکانی سەر ڕێگای خەباتێکی یەکگرتوانە و یەکدەست کردنەوەی هێزەکانی کۆمۆنیزم بەدەوری سیاسەتێکی کۆمۆنستیدا. ئەمە لەکاتێکدایە کە جەدەلی سیاسی بۆ کۆمۆنیستەکان جگە لەوەی هەوڵێکی بەلگەدار و ئەمانەتدارە و بەدەرە لە موجامەلەی سیاسی، کردەیەکی ئامانجدارانە و هەڵگری ئالتەرناتیڤە، بەم پێیەش ناکەوێتە شوێنی ئەوەی کە

بۆچونی کام فەرد و ڕای کام شەخس دروستە، بەقەد ئەوەی کە چاوی لە مەنفەعەتی جولانەوە و حزبەکانی بەستووە و مەسئولانە و مولتەزم بەقەوانین و سونەتەکانی حزبیەت و یەکپارچەیی ڕاگرتنی هیزەکان لە هەر جەدەلیکدا مامەڵە دەکات. هاوڕێ سامان کە سەرزەنشتی ئێمە دەکات بەوەی ئومێدیکمان بە هیزی بزووتنەوەکەمان نیە وگەرەکیەتی خۆی لەمەوقعیەتیەکی جیاوازتر لەئێمە بەرامبەر بەحزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری نیشان بدات، ئەو ئەرکەشی دەکەوێتە ئەستۆ کە بەشێوەیەکی ئوسولێ هاوشانی هاوڕێکانی تێبکۆشێت بۆ جێگیرکردنی سیاسەتیکی کۆمۆنیستی و یەکگرتووکردنی هیزەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ڕاکێشانیان بۆ مەیدانی کاری کۆمۆنیسی. لەبەرامبەر ئەرکێکی ئاواشدا دەبێ بەرلەهەر شتێک دەست لەم شێوازە لەجەدەلی سیاسی هەڵگرێ. تەنانەت دەبێ خۆی بەپابەند بەزەوابت و سونتە حزبییەکانەوە بزانێ و کاتێکیش لەمبارەوە سەرپێچیەکان دەخڕێتە بەردەمی بەسازکردنی حکایەتی "دیالەکتیکی مەعکوس" گاڵتەی پێنەکات، بەپێچەوانەوە ئاکامە زیانبارەکانی جەدەلیکی ئاوا بەر لە هەر کەسێک ڕوی لە هاوڕێ سامان خۆیەتی.

**"کێشە نەتەوەییەکان"، گرێی فکری لەکوێدایە!**

هاوڕی سامان پاش ئەوەی لەهەڵمەتێکی خویندنەوە و گویگرتن لەوتار و نوسینی "هاوڕیان" و سەرانی حزبە کۆمۆنیست و ناسیونالیستەکان دەبێتەوە، دووبارە دەگەڕێتەوە سەر هەمان پرسیار کە لە هەردووبەشی ووتارەکەی پێشودا کردویەتی. ئەویش ئەوەیە کەچۆن"ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی" کێشەی نەتەوایەتی، بەبێ بوونی ستەمی نەتەوەیی، چارەسەر دەکات؟. لەم بارەوە دیسانەوە دەڵێت:

"لە هیچ ووتارێکدا، کە دووا ووتاریان لە بزووتنەوەی ئێمەدا تا نوسینی ئەم باسە ووتاری هاوڕێی خۆشەویست خەسرەو سایەیە.،. <u>نەمخوێندەوە و نەم بیست کە چۆن کوردوستانێکی سەربەخۆ دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کۆسپەکان و"کێشەی کورد بێستەمی نەتەوەیی، چونکە ئەم ستەمە نەماوە"چارەسەردەکات"</u>- هێڵی تەئکید هی منن-

بەم پێیە"مەسەلەی نەتەوەیی بەبێ ستەمی نەتەوەیی" هەم بۆتە گرێیەکی زهنی وهەم ئەوی گەیاندووە بەو باوەڕەی کەئێتر "باسەکانی لینین ومەنصور حیکمەت"چوارچیوەیەک نین بۆ سەلماندنی ئەوەی کە"ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی" کێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەکات!. بەڵام ئەوە من و هاوڕێیانیکی تر نییە کەمولزەم بین بۆ کردنەوەی ئەم گرێیەی مێشکی ئەو، بەڵام ئەکرێ چەندین بەڵگە بخەینە بەردەست بۆ پێچەوانە سەڵماندنی ئەو قسەیەی سەرەوە. سەرەتا بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە هاوڕێ سامان خۆی لەداڕشتنەوەی بەندەکانیدا بەشداربووە، ئەم مەسەلەیەی بەم جۆرە روون کردوەتەوە:

**" ومن بعد الحرب واحتلال العراق وإسقاط سلطة البعث، فإنّ خطط أمريكا والتيارات السياسية القومية والاسلامية البرجوازية في العراق <u>لإعادة تنظيم الدولة على أسس الانقسام القومي، الاثني والديني، قد عمقت الهوة والتقابل القوميين في العراق.</u> ونتيجة لكل ما تقدم <u>فإنّ المسالة الكردية ظلت معضلة بحاجة الى الحل</u>، وفي ظل مثل هذه الاوضاع، فإنّ التعايش المشترك والخالي من المشاكل بين الجماهير الكردية والعربية في إطار عراق موحد يواجه مصاعب جدية.**
**<u>إنّ الحزب الشيوعي العمالي العراقي يعترف رسميا، كمبدأ، بحق الانفصال عن العراق واقامة دولة مستقلة عن طريق عملية استفتاء حرّ وشامل للجماهير في كردستان ، ويقف بالضد من أيّة أعمال قسرية أو عسكرية تتعرض لذلك الاستفتاء الحرّ.</u> يناضل الحزب الشيوعي العمالي العراقي من أجل الحسم الفوري لهذه المسألة ولانتشال جماهير العراق وكردستان من تحت وطأة <u>النزاع القومي،</u> عن طريق إقامة استفتاء حرّ في المناطق التي يسكنها الاكراد في شمال العراق وتحت إشراف المؤسسات الدولية الرسمية."- بەرنامەی دونیایەکی باشتر/ بەزمانی عەرەبی- هێلی تەئکید لەلایەن منەوەیە.**

وەک بەڵگەیەکیتر: ئاخرین بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، کە لەژێرناوی "بەیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە: ریفراندۆم لەکوردستان" کە ١٧ی تەموزدا بڵاوکراوەتەوە و هاوڕی سامان وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەشداربووە لەنوسینیدا، دیسانەوە وەلامی بەهەمان پرسیار داوەتەوە. لە بەیانامەکەدا هاتووە:

لەسەر ئەم بنەمایەو بێ شک، ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی ئازادانە دەربارەی جیابونەوە لە عێراق و (دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ) یاخود مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەمافی یەکسانەوە یەکێکە لە مافە ڕەواکانی جەماوەری کوردستانی عێراق، <u>هەروەها میکانیزکی گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە کاتی ئێستادا</u> (لەژێر سەرپەرشتی دامەزراوە رەسمیە نێو دەوڵەتیەکان)" –هێڵێ تەئکید هی منە-

لەم بەڵگانەش زیاتر، دەیان باس و وتاری بزوتنەوەکەمان لەبەردەستدان کە پێچەوانەی ئەو قسەیەی هاوڕێ سامان دەسەلمێنێ کەدەڵێ "لە هیچ نوسراوێکدا وەڵامەکەیم دەست نەکەوتوە؟"، لەوانە خودی وتارێکی خۆی کە لەپەیوەند بەبانگەشەی مەسعود بەرزانیەوە بۆ ڕیفراندۆم سالی ٢٠١٤ نوسیویەتی و تێیدا دەڵێ:

"باسەکە دەبیتە ئەوەی کۆمۆنیستەکان سیاسەتیان چی بێت ئەگەر ریفراندۆمیک بکرێت و گریمان لە ٦ مانگی داهاتودا؟ دیارە ئەوە گریمانەیە. سیاسەت مانەوە بیت لە چوارچیوەی عێراقی ئێستادا؟ یان جیابونەوە بیت؟ هەموو باسەک ئەوەیە. کامیان بە قازانجی کرێکارە وەکو چینێک؟! رزگار بونی بەشیک لە چینی کریکار لە ئاگری تیرۆر کاڕیکی خراپە، ئەگەر نەتوانی هەمووی رزگار بکەیت؟! کۆتایی هێنان بە هەراوشەرو توندکردنەوەی نەتەوەپەرستی کاڕێکی خراپە؟ من پێم وابیت نابێت کۆمۆنیزم چاوەڕێی ئەوە بیت کە ناسیونالستەکان جاڕی ریفراندۆم بدەن، دەبێت وە هەر ئێستا کار بکرێت بۆسەر خستنی پرۆسەی ریفراندۆم و کردنی ئەم پرسە بە پرسی ڕاستەوخۆی خەڵک و دەرکێشانی لە دەست ناسیونالستەکان، بە " بەڵی" یەکی گەورەوە بۆ جیابونەوەی کوردوستان و پێکهێنانی دەوڵەت تیایدا. "

بەم پێیە گرفتەکە نەبوونی وەڵامی ڕۆشن نیە بەو پرسیارە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە هاوڕێ سامان کیلۆمەترەکەی خۆی سفر کردووەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ دیدگاکانی چەپی پۆپۆلیستی ساڵانی حەفتاکان و ئەم حالەتەش ئەوی بەو ئەنجامە گەیاندووە کە بەڵگە و نوسراوەکان، بەوتارەکانی خۆشیەوە نەبینێ، وەیا بە فەرامۆشی بیان سپێرێ. کەوایە ئیتر ئەوە ئەرکی خودی خۆیەتی کە ئەگەر بۆچونەکانی گۆڕیوە، ڕوونی بکاتەوە و بیسەلمێنێت کە چۆن ڕیفراندوۆم و سەربەخۆیی، کە ساڵەهای ساڵە، لەلایەن جوڵانەوەکەمانەوە، وەکو ڕێگاچارەیەک پێداگری لەسەر کراوە، ئیتر چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد ناکات؟ ئەوە ئەوە دەبێ پێمان بڵێت لە دەرەوەی ئەم ڕێگاچارەیە چ ڕێگایەکیتر هەیە؟ بەداخەوە هاوڕێ سامان بەدرێژایی جەدەلێکی سیاسی کەلە سەرێکیدا ڕاوەستاوە، نەک وەڵامێک بەم پرسیارانە ناداتەوە بگرە بێئەڵتەرناتیڤ و بێ چارەسەر لەهەلویستێکی مەنشەفیکانەوە دردێنێ و بەپاساوی ئەوەی "ئالوگۆر ڕوییداوە، دەولەت سیادەی نەماوە، سەرمایەداری گلۆباڵ لەئارادایە..."، کێشەی کورد و "کێشە نەتەوەییەکان" بۆ بۆرژوازی و حزبە ناسیونالیستەکان جێدێڵێ و کۆمۆنیزم لەسیاسەتێکی چاوەروانیدا، بێدەخالەت لەکێشەیەکی واقعیدا کە بەرۆکی بە کۆمەلگای کوردستان گرتووە ڕادەگرێ. لەم پەیوەندەدا ئەگەر سەرنج لە پەرەگرافیک بدەین کە لە بەشی دووەمی وتارەکەیدا نوسویویەتی، ڕۆشنتر ئەم رەخنەیە بەرجەستە دەبێتەوە:

" بەڵام کەی وە لەکوێ دەوڵەت و سەربەخۆیی ئەم کێشەیەی (واتە کێشەی قەومی) چارەسەر کردوەو؟! دەیان کێشە لە دونیای ئەمرۆدا لە نێوان دەوڵەتەکاندا ماوە لەسەر سنور و ئەم پارچە زەوی و ئەو لەتە شاخ و ئەم شاخە بەفرینە و ئەو چاڵە نەوت و گازە، ئەو کانی ئەلماس و یۆرانیوم و... سعودیە لەگەڵ هەموو وولاتانی دەوروبەریدا کێشەی هەیە، تازە لەم ماوەیەدا، کێشەی دوو جەزیرەیان (تیران و صەنافیر) لەگەڵ میسردا تاوتوێکردووە. عێراق و ئێران، ئێران و ئیمارات، روسیاو ئێران لە دەریای قەزوین، تورکیا و سوریا و تورکیا و عیراق، ئوکرانیا و ڕوسیا، ئازربایجان و ئەرمینیا، ئەرجەنتین و بەریتانیا، سودان و باشوری سودان کە نمونەیەکی زۆر تازەیە و کێشەکان گەورەتر بوون، ئێستاش ختوکەی مێرکل و ماکرون بدەیت لە سەر سنوری فەرەنسا وئەلمانیا دەیکەنەوە بە هەرا... سنوری نیشتمان هەمیشە سنوری دەسەڵات بووە، بەپێی توانا و دەسەلاتی زیاتری دەوڵەتی نەتەوەیەک سنورەکەی زیاتر دەبێت. سەرنج لە ئیسرائیل و ئەو سنورە بدەن کە دیاریکراوە بە پێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان. تەنها وە تەنها سۆشیالیزم ئەویش لە قۆناغە گەشەسەندوەکانیدا کۆتایی بەم کێشانە دەهێنێت" – سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی/بەشی دووەم/ نوسینی ناوکەوانەکانو هێڵی تەئکید هی منە–

لەم دەربڕینانەی سەرەوەدا، چەند هەڵەی فکری وسیاسی ئامادەیە:

یەکەم: هاوڕی سامان لەزهنیەتی خۆیەوە کێشەیەکی لیگۆڕیوین بە یەکی گرتوون لەگەل "دەیان کێشە"ی تر!. ئەویش کێشەیەکی قەومیە لەوڵاتێکی دیاریکراودا، کە کوردستانی عیراقە. "دەیان کێشە"ش، کە ئەو بە"کێشە نەتەوەیەکان" ناویان دەبات لەوانە: کێشەی خاک، سنور، نەوت وگاز ئاو ویۆرانیۆم و.. کێشەی نیوان دەوڵەتان و پەیوەندیەکانی نیوانیانە لەفەزای سیاسی دونیای ئەمڕۆدا، کە لەبنەرەتەوە ناچنە نێو خانەی کێشەی قەومیەوە، تا لەڕێگای ڕیفراندۆم و سەربەخۆییەوە وەڵام وەربگرنەوە. لەحالێکی ئاواشدا هاوڕی سامان دەکەوێتە هەلەیەکی سیاسی و فکری ڕۆشنەوە ئەویش تێکەڵ کردنی کێشەی نیوان دەولەتان و کێشەی قەومیە لەولاتێکدا. کێشەیەکی قەومی کە لەدەرەوەی پەیوەندی نیوان ولاتان، راستەوخۆ وەک بەشێک لەسەرخانی سیاسی لەئارادایە و ناسنامەی دەولەت و پەیوەندی بە هاولاتیانیکەوە هەیە کە زمان و ئیسنیکیان

جیاوازە، کردۆتە بنەمای کێشە و ململانێی نیوان هیزە ناسیونالیستەکان. بێگومان تێکەلکردنی کێشەیەکی مەلموس و ناسراوی دنیای ئەمرۆ کە بەدەیان سال لە زوڵمی قەومی و کارەساتەکانی، هەروەها نیو سەدە لەشەڕی پشت سەرناوە. دواتریش ئەم کێشەیە لە چوارچیوەی فیدرالیزمێکی قەومیدا، کەشەڕ و کێشەی نێوان ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەبی تا ئاستی رق و کینەیەکی گەورەی قەومی قوڵ کردۆتەوە و هەر ڕۆژە ئەگەری ئەوەی هەیە کە بگۆڕدرێ بۆ شەڕێکی ماڵوێرانکەر، کێشەیەک کە ئیمکانی داوە بە هەردووک ئەم ناسیۆنالیزمە تا جەماوەری کریکار و زەحمەتکێش بکەن بە زەخیرەی کێشمەکێشی خۆیان لەسەر دەسەلات.. تیکەڵکردنی  کێشەیەکی ئاوا لەگەل کێشەی نیوان دەولەتانێکدا کە لەسەر نەوت وگاز و ئاو و.. سەریان هەڵداوە، وەیا بەیەکسان گرتنی ئەم دوو جۆرە کێشەیە، چ لەروانگەی مێژوو و ئەزمونەکان لەمەڕ کێشەی قەومیەوە، وەچ لە بیرکردنەوەی مارکسیستیدا، جگە لە هەوڵدانێکی نابەجێ و بۆچوونێکی کاریکاتێری شتێکی تر نیە.

دووەم: هەلەیەکی تر لەم تێکەڵکردنە کەلەنیوان کێشەی قەومی و دەیان کیشەی نیوان دەولەتاندا کردویەتی، هەوالەکردنی کێشەی قەومی کوردو "کێشە نەتەوایەتیەکانە" بۆ سۆسیالیزم "ئەویش لەقۆناغە گەشە سەندوەکەیدا"!!. هەربۆیە باوەری بەوە نییە کەڕیفراندۆم و سەربەخۆیی چارەسەر بێت. بۆچونێکی ئاوا لەرووی تیوەریەوە، پێچەوانەیە لەگەڵ باوەڕەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا کەچارەسەری کێشەی قەومی کورد لەچوارچیوەی خودی نیزامی سەرمایەداریدا بەمومکین دەزانێ وئەم بیرۆکەیەشی لەبەشی لانی کەمی بەرنامەی دونیاییەکی باشتردا جێگیر کردووە. بەڵام گرێ کوێرە زهنیەکەی هاوڕێ سامان لەمەزیاتر ڕیشەکەی ڕۆچووە بەتایبەتی کاتێک دەنوسێت:

" سیاسەتی کۆمۆنیستی دەبێت بە شێوەیەکی مەلموس و کۆنکرێت نیشانی بدات کە ئەو کێشە نەتەوەیی یانە بەهۆی سەربەخۆیی یەوە لەم سەردەمەدا( نەک هەموو کات) نامێنن..."هەموو ئەو حزبانە و هاوڕێیان دەبێت بۆ خەڵکی ڕۆشن بکەنەوە کە دوای ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، ئیتر ناسیۆنالیزمی کورد و حزب و دەسەڵاتەکەی ناتوانێت ناوی کورد و کێشەی کورد بەکار بەرێت و جەنگ بەناوی کوردەوە بکات!!!

چ بۆچونێکی عەجیب لەپشتی ئەم ڕستانەوە خۆیان دەنوێنن!!.. ئایا بەراستی هاوڕێ سامان دوای ئەو هەموو خویندنەوەو موتاڵەعەکردنە لەوە تێناگات کە سەربەخۆیی وەک ڕێگا چارەیەک لەبەرامبەر کێشەی قەومی کوردا خراوەتەڕوو نەک بۆ چارەسەری کێشەو ناکۆکی نێوان دەولەتان و ناسیۆنالیزم بە گشتی لەم سەردەمەدا- وەک ئەوەی ڕیزیکردوون -"؟ ئایا بەراستی بەڕیزیان نایەوێت یان ناتوانێ جیاوازی بکات لەنیوان کێشەیەکی سیاسی لەولاتیکدا کەبنەماکەی قەومیەتە، لەگەڵ کێشەی نیوان دوو ولاتدا کە بەهۆیەوە پەنایان بۆ هەست وئایدیۆلۆژی قەومی بردووە؟ ئایا ئەم جۆرە کێشانە وەک یەکن تا داوابکەیت لەکۆمۆنیستەکان "بەشیوەیەکی مەلموس و کۆنکرێت" چارەسەی بۆبکەن؟.. سەرسوڕهێنەرتر لەمەش ئەوەیە کەداوامان لیدەکات بۆخەڵکی ڕۆشنبکەینەوە کە"دوای ڕیفراندۆمو سەربەخۆیی" – واتە دوای ئەوەی کوردستان بوو بەدەولەت- ئیتر ناسیونالیزمی کورد ودەسەڵاتەکەی ناتوانێت "ناوی کوردو کێشەی کورد" بەکار بەرێت.. هاوڕێی ئازیز دڵنیابە لەوەی کە دوای دروستبوونی دەولەت لەکوردستان ناسیونالیزم "ناوی کورد" بەکار دێنێ و هەربەو ناوەشەوە ئەگەری بەڕێخستنی جەنگی لە ئارادا دەبیت، بەلام دڵنیابە لەوەش کەدوای ئەم دەولەتە کێشەیەک نامێنێ لەکوردستانی عێراق بەناوی کێشەی قەومی کوردەوە، چونکە بەکار هێنانی "ناوی کوردو کێشەی کورد" دوشتی لێک جیاوازن. یەکەمیان دەچیتە خانەی ئایدیۆلۆژی دەولەت وئەو بزوتنەوە و حزبە ناسیونالیستەکانەوە و دوەمیان مەسەلەیەکی سیاسیە کەلەرابیتە بەدەولەتی فیدرال و قەومی/ئیسلامیەوە، وەک کێشەی نیوان ناسیونالیزمی کوردو دەولەتی مەرکەزی لەئارادابووە. بەم جۆرەش هاوڕی سامان، کەوتۆتە ئەو هەڵەیەوە کە هەستی نەتەوەیی، ناوی کوردو کوردبوون، وەسەرەنجام ئایدیۆلۆژیای قەومی وتەنانەت مەوجودیەتی ناسیونالیزم لەگەڵ خودی کێشەی قەومیدا بەیەک شت وەربگرێ، چاوەڕوانیشی ئەوەیە کە ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی هەمو ئەمانە پێکەوە نەهێلێ!. لەواقعدا ئەمە نەک هەر ئیفرازاتی زهنی ئەون بگرە هەلەیەکی ئاشکرای تیوەریشە، کەلەگەڵ بۆچونەکانیدا ئاوێزانبووە.

هاوڕێ سامان زیاتر بابەتەکە وردەکاتەوە ولەئاڵۆزی ئەماو ئەگەردا دەیخنکێنێ ولەم پەیوەندەدا دەنوسێت:

"پێمان بڵین لەسەر بردنی نەوتی کەرکوک کێشە دروست نابێت و ئیتر دەسەڵاتدارانی کورد بە ناوی کێشەی کوردەوە ناتوانن خەڵکی کوردوستان بە لاڕێدا بەرن؟!"

باسی سەرەکی بۆ ئەوەی کە سیاسەتی کۆمۆنیستی لە ناسیونالستی جیابکاتەوە لە هەنگاوی یەکەمیدا ئەوەیە کە پیشان بدرێت بە هۆی ئەم ڕیفراندۆمەوە(ڕیفراندۆمی ٢٥,٩) ئەم کێشانە چارەسەر دەبن. کێشەی نەتەوەیی نامێنیت. نموونەیەکی سادە، هەرکەس و هەر هاوڕێیەک پێی وایە کە ئەم ڕیفراندۆمە دیاریکراوەی بەردەممان دەبێتە هۆی

چارەسەری ناوچە جێناکۆکەکان، دەبێت نیشانی بدات چۆن وە بەکام ڕێگا؟ ئەگەر ڕیفراندۆم ئەو ناوچانەی نەگرتەوە ئەو سیاسەتە چی بەسەر دێت؟! ئایا ئەگەر بەشێکی گرتەوە و بەشێکی دیکەی مایەوە چی؟! چونکە ئەگەر لەم ناوچانە یان لە بەشێکی دا ڕیفراندۆم نەکرێت ئەوە ئیتر هەموو ئەوباسانەی هاوڕێیان سەبارەت بە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی، دەچێت بەهەوادا... تازە ئەمە یەک خاڵە.

بەم جۆرە وردکردنەوەی کێشەی کوردی لەکێشەیەکەوە گەیاندووە بەبەشە پێکهاتوەکانی. واتە کێشەیەک لەگشتیەتی خۆیدا خستۆتە بەرامبەر بەبەشەکانیەوە، لەوانە کێشەی کەرکوک وناوچە جێناکۆکەکان، تا وەک پیوانەیەک بۆ "جیاکردنەوەی سیاسەتی کۆمۆنیستی لەناسیونالیستی"، بەرووماندا بداتەوە. لەلایەکی ترەوە نایەوێت ئەوە ببینێت کەکێشەی کورد وەک گشتێک، بریتی نییە لەکۆکردنەوەی میکانیکیانەی کێشەکانی کەرکوک، جێناکۆکەکان، نەوت.. ئەگەرچی ئەمانەش لەدوتوێی مەسەلەی کوردا جێگایان هەیە. بەلام بەچارەسەری کێشەکە لەگشتیەتی خۆیدا ڕیگا بۆ چارەسەرکردنی ئەمانەش دەکرێتەوە. ئەوەشی کەئایا ڕیفراندۆم لەو ناوچانە دەکرێ یان نا، وەبەچ میزانیک دەچیتە پێشەوە و سەرەنجام هەڵویستی ئیمە چی دەبێت؟ مەعلومە کە پرۆسەکە کردەیەکی بێگرێ وگۆڵ نیە بەتایبەتی کەبەنێو فەزای دوای جەنگ وململانێی نیوان هێزەکاندا دەچیتە پێشەوە وتەوازنی هیزی نیوان خەلکی کوردستان ودەولەتی مەرکەزی.. کاریگەریان لەسەر چونە پێشەوەی پرۆسەکە دەبێت. لەمبارەوە حزب بەرۆشنی ئەو فاکتۆرانەی دیاریکردووە کە بەدیهێنانیان دەبێتە مایەی فەراهەمکردنی هەلومەرجێکی گشتی وگونجاو ورەسمی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی کوردستان وهەروەها هەنگاو هەڵگرتن بەرەو چارەسەری کێشەکانی کەرکوک وناوچە جێناکۆکەکان. دیارە لەحالەتی بەرێوەنەچوونی ئەم هەلومەرجە لەئاستێکدا کەڕیفراندۆم کارتۆنی بکاتەوە ئاوا هێچ شتێک لەوە سادە تر نییە حزب هەلویستی لێبگرێ. بەداخەوە گرێ زهنیەکانی هاوڕێ سامان هێندەیە کەنایەوێت لایەنەکانی سیاسەتێکی کۆمۆنیستی کەحزبی کوردستان لەسەری ڕاوەستاوە ببینێ، هەربۆیە پەیتا پەیتا بانگەواز دەکاو دەڵێت:" هیچ هاوڕێ یەک ئەوەی نەخستوتە ڕوو کە کێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەکرێت لە ڕیگای ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی یەوە."!. من نازانم ئەمە ناوبنێم چی خۆلادان لەراستی یان نادیدەگرتن وبازدان بەسەر ئەدەبیاتێکدا کەنمونەکانی خراوەتە ڕوو؟

## ئەنتەر ناسیونالیزم یان زهنیگەرایی لەلێکدانەوەدا!

هاوڕی سامان ئەمجارەیان، بۆ پاساودانی بۆچوونەکانی لەدەرگای ئەنتەر ناسیونالیزم دەداو بەگلەییەوە پێمان دەڵێت:" "هاورییان خۆیان نادەن لە هیچ لێکدانەوەیەکی سیاسی لەهەلومەرجی ئەمڕۆدا". بەڵام وەرن بابزانین لەسەر کام لێکدانەوەی هەلومەرج باسی ئەنتەرناسیونالیزمەکەی هێناوە تەئاراوە:

"سیاسەتی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی سیاسەتێکی لۆکەڵی نێوخۆی عێراق یان کوردوستانی عێراق نیە. بەشێکە لە ئامانجێکی گەورەتری ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکە. سیاسەتێکی ماکرۆو بەشیک لە ئیستراتیژی ئەمرۆی ئەمریکایە بۆ چارەسەی کێشە بناغەییەکانی بورژوایی جیهانی، دروست وەک کێشەی ئێستای کوریا. ئەم سیاسەتە بۆ دووبارە بەهێزکردنەوەی پێگەی ئەمریکا و دەرپەرندانی مونافسەکانی ڕوسیا و چین لە ناوچەکەدا لە ڕیگای لاوازکردن و پەروباڵکردنی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە" –هێڵی تەئکید هی منە–

لەم لێکدانەوەیەی سەرەوەدا بەسادەیی ئەوە دەبینین کەڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، "سیاسەتێکی لۆکەڵی نییە" ولەئەرزی واقعی خۆی لەپرۆسەیەکی زهنیگەراییدا دەرکێشراوە وکراوەتە بابەتێک بۆ چەند ئاڵوگۆری جیاجیای ناوچەیی وجیهانی، لەوانە: یەکەم: کراوەتە "بەشێک لە ئامانجێکی گەورەتری ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکە ". دووەم: کراوەتە"سیاسەتێکی ماکرۆو بەشیک لە ئیستراتیژی ئەمرۆی ئەمریکا بۆ چارەسەی کێشە بناغەییەکانی بورژوایی جیهانی". سیهەم: یەکسان کراوەبە "کێشەی ئیستای کۆریا". چوارەم: کراوەتە فاکتۆرێک بۆ "دووبارە بەهێز کردنەوەی پێگەی ئەمریکا و دەرپەرندانی مونافسەکانی ڕوسیا و چین لە ناوچەکەدا لەرێگای لاوازکردن و پەروباڵکردنی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە" .. بەم جۆرە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بوتە هەڵماتێکی ڕەنگی بەدەستی هاوڕی سامانەوەو هەرجارە لەگۆشەیەکی جیاوازەوە لێی دەڕوانێ وئێمەو خوینەران لەگەڵ ئیفرازاتە زهنیەکانی خۆی بەرەو ڕوودەکاتەوە و بە نرخی ئەنتەرناسیونالیزم پیمان دەفرۆشێ. لەراستیدا ئینسان دەتوانی دەرکی ئەو مەنتقە بکاو ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی ببەستێتەوە بەدۆخی ناوچەکەوە، بەلام هەرگیز ناتوانرێ ئەم مەسەلەیە وەک بەشێک لە"چارەسەرکردنی کێشە بناغەییەکانی

بۆرژوازی جیهانی" سەرنج بدات، بەتایبەتی کەئەم باسە ڕەوەندە ئابوریەکان و پەیوەندیەکانی کاروسەرمایە لەئاستی جیهانیدا دێنێتە کایەوە. تەنانەت ئینسان ناتوانی دەرکی ئەوە بکات کەبابەتی ڕیفراندۆم ودۆخێک کەتێیدا قەراری گرتووە چ شەباهەتێکی هەیە لەگەڵ کێشەی ئیستای کۆریادا و وەچۆن ئەمریکا بۆ دەرپەراندنی مونافیسەکانی لەروسیاو چین بەکاری دەبات!! وەسەرەنجام هەموو ئەم لێکدانەوانە چ پەیوەندیەکیان هەیە بە باسی ئەنتەر ناسیونالیزمەوە!.. بەلام کارەساتی ئەم مامەڵە زهنیگەراییە لەوەدا خۆی تەکمیل دەکات کاتێک هاوڕی سامان ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان وەک بەستەرێک بۆ یەکلاکردنەوەی بەشێکی زۆری کێشە جیهانی و ناوچەییەکان لەنەزەر دەگرێ ولەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوە ناواقعیەوە باس لە ئەنتەرناسیونالیزم دەکا وناسیونالیزمیش لەپای ئەوانە دەنوسێ کەوەک ئەو پێچ بەسەریاندا نایەت وڕیفراندۆم وسەربەخۆیی "بەسیاسەتێکی لۆکەڵی" دەبینن وخۆیان لەلێکدانەوەی ئەم دۆخە نادەن!. لەمەش زیاتر لەدەربرێنێکی تردا ڕیفراندۆم و سەربەخۆی کردۆتە پنتێک کەتەواوی ڕووداو وسیاسەت وهەڵسوکەوتی هیزە جهانی و ناوچەیی و لۆکەڵیەکانی پێدا تێپەردەبێ، هەر بۆیە بەسیاسەتێکی ناسیونالیستی وئەمریکایی ناوزەدی دەکات!! ئەوەتا نوسیویەتی:

<u>لەم چوارچێوەیەدا پرۆژەی ڕیفراندۆمی بارزانی و پرۆژەی بەرەی کوردوستانی ئێران و کوڕەکەی قازی و موهەتدی و هەردوو دیموکرات و گیان بەبەراکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران لەمسەری ڕاستی شاهنشاخوازیەوە تادەگاتەوە ڕەجەوی و نەتەوەییەکان و ڕیزێکی فراوانی نێو چەپی ئێران، هەروەها دووبارە سەرهەڵدانەوەی پڕوپاگەندە و سیاسەتی "ئەسەد هیچ دەورێکی نیە لە ئایندەی سوریا" لەلایەن سعودیەوە، سزا تازەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و قسەکردن لەسەر هەڵوەشانەوەی "ڕێککەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و پێنج بە زیادەی یەک" (سەرەڕای ئەوەی کە ئەم کارە بۆ ئەمریکا هێجگار سەختە لە ئێستادا)، نانەوەی جەنگ و شەڕ لەسەر سنوری نێوان عێراق و سوریا و، پرۆژەی تازەی کاک شاسوار عەبدولواحد "جوڵانەوەی نەخێر" (بە ووتارێک یا گرتەیەکی ڤیدیویی جیاواز لەسەر ئەم بابەتەی شاسوار قسەدەکەم)، سزاکانی ئەمریکا بەسەر ڕوسیادا... هەموو ئەوانە پێکەوە بە ئیزافەی کۆی هەلومەرجی ناوچەکە و ململانێی توندی نێوان ئەمریکا و ڕوسیا بە تایبەت ... لە دووتۆیی یەک ئامانج و سیاسەتدا دەچیتە پێشەوە بۆ ئابڵوقەدانی ئێران و ڕوسیا و بۆ دوورخستنەوەی ڕوسیا و لاوازکردنی پێگەکەی لە ناوچەکەدا. هاوکات بۆ پچڕاندنی پەیوەندی زەمینی نێوان ئێران و سوریا و و بەم پێیە تێشکاندنی هیوای ئێران و پاشان چین بۆ گەیشتن بە دەریای سپی (ئەگەرچی دەوڵەتی کوردی ئەم کارە بەتەواوی مسۆگەر ناکات بەلام زۆر سەختی دەکات بۆ ئێران) و هەروەها کۆتایی هێنان بە خەونی ناردنی نەوت و گازی ئێران لە ڕێگای بۆریی یەوە بۆ دەریای ناوەڕاست و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا. ئێران هەر ئێستا خەریکی دانانی ئەلتەرناتیڤی خۆیەتی و هەم هوشیاری دەدات لە دژی ڕیفراندۆم"</u>

بەر لەهەرشت ئەم ڕستە ڕیزکراوانەی هاوری سامان زیاتر لە تئیوری موئامەرە دەچیت تا لێکدانەوەیەکی مارکسیستی، چونکە ئەمریکا روون و راشکاو چەندین جار رایگەیاندوە کەلەگەل ئەوەدا نیە کە ریفراندۆم بکریت، بۆئەمەش هەم نیردەی ناردوە و لەم بارەیەوە قسەی لەگەل بارزانی کردوە، وەهەم فشاری ئەوەی هیناوە کە هاوکاریەکانی لە پێشمەرگە دەبریت، بەلام وا دیارە بەڕیزیان سیاسەتی ڕەسمی و راگەیاندراوی ئەمریکا بە سیناریۆ وەردەگرتووە وپیدەچێت لەڕوالەتدا بەمامەڵەیەکی فریوکارانەی بزانێ و لە ژیرەوە لەگەل ریفراندۆم وسەربەخۆییدا بێت!. لەچەشنی ئەو نمونانەی کە کاتی خۆی دەیناگوت ئەمریکا خۆی پلانی بۆ بنلادن داناوە تا پەلاماری واشنتۆن و پنتاگۆن بدات بۆ ئەوەی بیکاتە شەڕ!، یان دەگوترا ئەمریکا خۆی سەدامی راسپاردوە پەلاماری کویت بدات بۆ هەمان مەبەست.. لێکدانەوە وتیئوریەکەی هاوری سامانیش ڕەنگ وبۆی ئەم نمونانەیان هەیە، ئەگینا ئەمریکا بۆچی راشکاوانە لەبەرامبەر پیلانی ستراتیژی خۆیدا دەوەستیتەوە. هاوکات بۆچی هاوری سامان هۆشداری ئیران لەدژی ریفراندۆم بەجدی دەزانی، بەلام هۆشداری ئەمریکا نادیدە دەگریت؟.

بەڵام هێشتا ئەمە هەموو لێکدانەوە ئەنتەرناسیونالیستیەکەی هاوڕی سامان نییە، چونکە ئەوێک کەزهینیگەرایی وەک میکانیزمیک بۆ تەجاوازکردنی هەر لێکدانەوە وهەڵویستێک بەدەستەوەگرتووە زۆر سادەیە بازێک بەسەر هەموو ئەو لیکدانەوە عەجایب وغەریبانەدا بداو لێکدانەوەیەکیتر هەڵهێنجێنێ بەبێ ئەوەی بەلایەوە گرنگ بێت کەپێشووتر چی ووتوە لەسەر هەمان بابەت. ئەوەتا لەدرێژەی قسەکانیدا جارێکیتر ریفراندۆمو سەربەخۆیی بردۆتە نیو چوارچیوەی فەزایەکی جیهانیەوە کە"هاوشیوەی جەنگی یەکەمی کەنداوە لەساڵی 1991"کەڕووبەڕوی کۆمۆنیستەکان بوەوە!. گوایە تەئیدکردنی ڕیفراندۆم و جیابوونەوە وەک ئەو هەڵویستە ناسیونالیستیە وایە کەساڵی ١٩٩١، ڕویدا. یانی" شایی ولۆغانی دەسەڵاتگرتنی ناسیونالیزمی کورد.. خەڵکی عێراقی غەرقی تاریکی و کوشتن و جەنگێکی خوێناوی"کرد!.. هاوڕێی ئازیز.. ئەمە سەرەگێژەی

زهنییە یان لێکدانەوەیە؟ بەراستی چ کەسێک ئەتوانێ لەم هەموو پێچەبەدەورەیە ڕزگاری ببێ و بتوانێ یەکێک لە بۆچونەکانت بەجدی وەربگرێ؟ ئەوەی کەجارێک ڕیفراندۆم وسەربەخۆییت کردۆتە پنتێکی تیپەڕێن بۆ "چارەسەرکردنی کێشە بناغەییەکانی بۆرژوازی جیهانی" یان ئەوەی بیشوبهێنێ بە"کێشەی ئیستای کۆریا" یاخود بیباتەوە نێو چوارچیوەی ڕوداوەکانی کەنداوی ساڵی 91، تا بناغە تیوەریەکانی ئەنتەرناسیونالیزمەکەت تێبگات؟. ئایا ئەنتەر ناسیونالزیم و ناسیونالیزم بەم لێکدانەوە تێکەلو پێکەلانە تەوزیح دەدرێ؟ ئایا شایی و لۆغانی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ قەسابی خەلکی عیراق لە ١٩٩١ بەراورد دەکریت بە خۆشی خەلکی کوردستان بەوەی بتوانن لە ریفراندۆمیکدا ئایندەی خۆیان دیاری بکەن؟

**دەربارەی "ئەنتی پارتی"**

یەکێک لەولایەنانەی کە لەشیوازی جەدەلی سیاسیدا، هاوڕێ سامان بەزەقی پەیڕەوی لێدەکات، گۆڕینی سورەتی بابەتەکە و بازدانە بەسەریدا بەبێ ئەوەی راستەوخۆ وەلام بەو سەرنج ورەخنانە بداتەوە کە لەو پەیوەندەدا ئاڕاستەی کراوە. لەم بارەوە باسی ئەنتی پارتی نمونەیەکیەتی. ئەمە چۆن؟. لەوتاری پێشوودا، ڕەخنەی من لەو دیدگایەیە کە هاوڕی سامان بۆ هەلویستگرتن لەمەر ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بەکاری بردووە، بنەماکەی بردۆتەوە سەر ئەوەی کەبارزانی و پارتی بانگەوازیان بۆکردووە، وە هەرلەوێدا بەبەڵگە هێنانەوە لەقسەکانی خۆی نیشانم داوە، کەچۆن ئەم میتۆدە کێشەی کورد وەک گرفتێکی کۆمەلایەتی مەوجود نابینێ وخۆی ناکاتە بەرپرسیاری چارەسەرکردنی، چونکە هێزێکی بۆرژوازی هاتۆتەپای. تەنانەت تەسکبینی ئەم ڕوانگەیە بەترسێک دەگات لەپارتی کەبەدەسەلاتی ڕەها دەگا، هەربۆیە ناچارە هەلویستەکانی لەقاڵبی ڕەوتێکی ڕەخنەگرانەی لەپارتیدا لەقاوبدا و لەکۆمۆنیزمێکی دەخالەتگەرو کۆمەلایەتی دورکەوێتەوە. بەڵام ئەو بەجۆرێکیتر بابەتەکە دەخاتەوەڕوو:

> تیڕوانینی "ئەنتی پارتی" ئەم چەمکە لە نێو <u>نووسەرانی بزووتنەوەکەماندا</u> بەشی شێری بەرکەوتووە. <u>ئەمەش تێڕوانینێکی کۆپیکراوی هەمان "ئەنتی یەکێتی" یە</u>. ئەنتی یەکێتی بوون لە نێو بزووتنەوە کۆمۆنیستی و حزبماندا زاڵ بوو لە هەمان کات و سەردەمدا کە بڕیارماندا بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی لەساڵی 1995دا.... <u>ئەوکات هەم ڕیفراندۆمی ئێمە و هەم ئەنتی یەکێتی بوون هەردووکیان دروست بوون. بەڵام ئێستا هەردووکیان نادروستن.</u>

ببینن.. هاوڕی سامان چۆن لەئەسڵی ڕەخنەیەک ڕادەکا کەلێی گیراوە، چۆن بازدەداو گشتی دەکاتەوە بۆ ئاست "نوسەرانی بزوتنەوەکەمان"، پاشان چۆن سورەتی بابەتەکەش دەگۆڕی بۆ "تێروانینێکی کۆپی کراوی ئەنتی یەکیەتی". لەمەش زیاتر ببینن کەچۆن هەواڵەی ساڵی 1995 مان دەکاو "ئەنتی پارتی بوونی ئیستا" بە "ئەنتی یەکەیەتی" ئەوکات دەشوبهێنێ! تا تەشەری ئەوەمان لێبدات بەوەی کەبۆچی ئەنتی یەکیەتی دوێنێتان قەبوڵ کردووە، کەچی ئەمڕۆ ئەنتی پارتی قەبوڵ ناکەن!..

ناهاوڕێی ئازیز ڕاستیەکەی وانییەو مەیشێوێنە! دڵنیابە لەوەی ئەگەر لەڕابردوودا ئەنتی یەکیتی دیدگامان بووبێت هەر هەڵەیە و ئەمڕۆش ئەگەر ئەنتی پارتی دیدگامان بێت دیسانەوە هەر هەڵەیە. پاشان دڵنیابە لەوەش کەس نەی وتووە خەبات و وەستانەوە دژی پارتی و یەکیەتی خراپە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کەلەم ڕوانگەیەوە هەموو شتێک نەبینین ونەیکەینە میتۆدی لێکدانەوەکان و گەیشتن بەهەلوێستەکانمان، چونکە پارتی و یەکەیەتیش کورپەی باوەشی جولانەوەیەکی کۆمەلایەتین و لەچوارچیوەی نەزم ونیزامیکدا مەوجوودن. بەواتایەکیتر ڕەخنەی ئێمە لەئەنتی پارتی لەورووەوەیە، کەئەم ڕوانگەیە سەر لەهەڵویست و ئاسۆی سیاسی هێزگەلێکی وەک بزوتنەوەی گۆران و کۆمەلی ئیسلامی وتەنانەت هێزیکی وەک یەکیەتیەوە دەردێنێ. روانگەی ئیمە ئەنتی سەرمایەداری یان لانی کەم ئەنتی ناسیۆنالیزمە و لەسەر ئەم بنەمایەش ئاشکرایە کە ئیمە دژی پارتی و دەسەلاتی پارتی و بەرنامەی پارتین وەکو هیزیکی بورژوازی و ناسیۆنالیستی دەسەلاتدار. وەهەر ئەمەش نامان گەیەنێت بەوەی کەهەرچیەک پارتی وتی پیچەوانەکەی ڕاستە، هەروەک ئەوەی سەرانی بزوتنەوەی گۆڕان و ڕیفۆرمخوازانی پەیڕەوی لێدەکەن.  ئیمە لە روانگەی نقدی ناسیۆنالیزمەوە رەخنە لە سیاسەت و دەسەلاتی یەکیتی و پارتی و گۆران و ئیسلامیەکان دەگرین، وهەر لەم مونتەڵقەشەوە رەنگە وەکو خۆت لەوتارەکەت لەسالی ٢٠١٤ بەدروستی باست کردوە، دەکرێت رۆژگارێک لەپەیوەند بەچارەسەری مەسەلەیەکی وەک کێشەی کوردەوە خاڵی لێکەوتمان لەگەڵ پارتیدا هەبێت. کەچی لەمڕۆدا هەرخۆتان پێداگری لەسەر ریفراندۆم و جیابونەوە بە واژۆکردنی لاپەرەی سپی بۆ پارتی لەقەڵەم دەدەن، لەو وتارەدا نوسیوتانە:

" لەکۆتاییدا چەند دێرێک لەسەر ئەوەی کەجیابونەوە و ریفراندۆم سیاسەتی ناسیونالیستەکانە یان پارتییە!!مومکنە وابێت من تا ئێستا وای نابینم ، پارتی خەریکی پێکهێنانی حکومەتە لە بەغداو لە ١٥ی مانگەوە هیزە ئیسلامی و قەومیەکان ڕێککەوتون لەسەر پێکهێنانی حکومەتی بەغدا . بەڵام گریمان وایە. ئەوکات یەکەمجار نابێت لە مێژوودا کە سیاسەتی کۆمۆنیستی و سیاسەتی بورژوایی لە پۆینتێکدا یەکبگرن". –هێڵی تەئکید هی منە–

هەر لەم پەیوەندەدا، هێنانەوەی نمونەیەکی ئاشنا لەمێژووی بزووتنەوەکەماندا ئەم بابەتە باشتر روندەکاتەوە، بەتایبەتی کەبزووتنەوەی ئیمە هەمیشە رەخنەگری دیدگای دژی رژێمی بووە وخۆی لێجیاکردوەتەوە. دیدگایەک کە تەنها دژی ڕژێمی بەعس بوو، وە ئامادەبوو بەهەر نرخێک بووە دەست بۆ روخاندنی ڕژێم بەرێت. سەردەمانێک هێزەکانی خاوەن ئەم دیدگایە چاویان بڕیبووە شەری کۆنەپەرستانەی ئێران وعیراق و بەبێ گوێدانە کوشتار و ویرانکاریەکی گەورە، لەپشت سیاسەتی درێژەکێشانی شەرەکەوە ڕاوەستابوون تا بەلکو رژیمی بەعس بروخێنێ. لەوەش کارەسات تر خاوەنانی ئەم دیدگایە هێزگەلێکی ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوایی بوون، کەئومیدی خۆیان بە جەنگی خەلیجەوە بەست و وەکو هاوری خۆی دەڵێت: "شایی و لۆغانیان بۆ کوشتار و ویران کردنی عیراق دەگیرا"، تەنها لەبەر ئەوەی رژیم بروخی. ئیستاش ئەو ریزە لە ئەحزاب ئیرانی کە هاوری سامان ئاماژەی پێکردوون دەستیان بۆ دامێنی ئەمریکا و سعودیە درێژکردووە تا لەجەنگ لەگەل رژیمی ئیسلامی ئێراندا، بانگەشە بۆ سیناریۆیەکی رەش بکەن لە پیناو ئەوەدا کە بەسوچیکی دەسەلات بگەن. بزوتنەوەی ئیمە سنور بەندی خۆی لەگەل ئەم دیدگا بورژوازیە کردوە و تەنها لایەنگری سەرنگونی شۆرشگیرانەی ئەو جۆرە دەسەلاتەیە. بۆ پارتیش ئیمە هەمان دیدگامان هەیە، سنوری رۆشنمان هەیە لەگەل ئەو هیزە بورژوازیانەی کە دەیانەوی تەنها پارتی بروخی و لە جیگایدا دەسەلاتی بورژوازی وناسیۆنالیزمی کورد بەناوی دامەزراوەیی و نیشتمانی و ... دوبارە خۆیی ودەسەلاتەکەی سازبدرێتەوە. ئیمە بەردەوام هەولمانداوە خەلک نەبیت بەلەشکری ئەم جۆرە ئالوگۆرە. ئەمە دەسکەوتیکی گرنگی بزووتنەوەی ئیمەیە. بەداخەوە هاوری سامان لیرەشدا بەمیتۆدی ئەنتی پارتیەکەیەوە، گەڕاوەتەوە بۆ خالی سفر و دیدگای چەپی دژی ڕژیمی و دژی دکتاتۆری سالانی هەفتاکان.

## ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی.. زێکزاکلێدان لە هەڵوێستدا.

وەک ئاکامیک لەوئالۆزیە فکریەو لەو پێچەبەدەورە کردنەی کەهاوڕێ سامان لەلێکدانەوەکانیدا، بۆ کێشەی قەومی بەگشتی و کێشەی کورد، بەتایبەتی بەدوای "نەمانی زوڵمی قەومیدا" تێیکەوتووە، زێکزاکڵیدانە بەرامبەر بەڕیفراندۆم وسەربەخۆیی. ئەمە بەو مانایەی کەجگەلەوەی پنتێکی دیاریکراو لەبەیانکردنی هەڵویستدا، نادیارو ناجێگیرە وهەرجارە بەبارێکدا خۆی دەرخات. هاوکات هەلویستگەلێکی پێچەوانەو ناکۆک ودژبەیەکی بەرهەمهێناوە. بێگومان حاڵەتێکی ئاوا وەک لایەنێکی تری ئەو شیوازە لەجەدەلی سیاسی، کەلەرەوتی نوسراو ودەربڕینەکانی هاوڕێدا بەرجەستەیە، ئەو گرفتەی قوتکردۆتەوە کەئینسان نازانێ کام یەک لەهەلویستەکان بەجدی وەربگرێ ولەبازنەی دیالۆگو جەدەلەدا، بۆ ساغکردنەوەی تێبکۆشێت. سەیر لەوەشدایە هاوڕێ سامان هەموو ئەو هەڵوێستانەی خستۆتە خانەی "سیاسەتێکی کۆمۆنیستیەوە". لەم پەیوەندەدا هەوڵدەدەم ڕەوتی ئەم زیکزاکلێدانە لەدوتوێی وتارو گفتارەکانی خودی هاوڕێدا وەک بەڵگە بخەمەڕوو:

یەکەم: لەووتاری "جیابونەوەی کوردوستان، سیاسەتێکی کۆمۆنیستی!" کەلە2014/7/16دا بڵاوبۆتەوە، هاوڕێ سامان ریفراندۆم وسەربەخۆیی تەئید دەکاو بەسیاسەتێکی کۆمۆنستی دەیناسێنێ. تەنانەت بەو حاڵەشەوە کە ئەگەر وەک سیاسەتێکی پارتی و بارزانی بانگەوازی بۆ کرابێت، ئەوا ئەو هەر بەئیجابی و ڕێگایەک بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەیزانێ.

دووەم: لەوتاری"هەڵوێستی کۆمۆنیستی سەبارەت بە جاڕی ڕیفراندۆمی پارتی و دەوڵەتی کوردی!" دا، سەدو هەشتا دەرەجە هەڵویستی خۆی بەدژایەتی کردنی سەراپای ڕیفراندۆم وەک ئەوەی "ڕیفراندۆمی پارتیە"، پێچەوانە دەکاتەوە و بانگەواز بۆ ناکام کردنەوە وبەشکستکێشانی دەکات. بەلام ئەم هەڵویستە زۆر نابات و هەرلەخودی ئەم وتارەدا چەرخەیەک بەئاراستەی هەڵوێستی "بەشداری کردن بەمەرجەوە" لێدەدات وبەخەڵکی کوردستان دەڵێت: "لەم ریفراندۆمەدا بە مەرجەوە بەشداری بکەن، مەرجێکی رۆشن ئەویش ئەوەیە کە: لە فۆرمی دەنگداندا خالێک زیاد بکرێت بەم شێوەیە: دەست بەجێ ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەنجامی ڕیفراندۆم هەر چیەک بێت، ئەوە لەماوەی ٦-١٢ مانگدا ڕادەگەیەنرێت".

سێهەم: لەبەشی دووەمی وتارێکدا "هەڵوێستی کۆمۆنیستی سەبارەت بەسەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی"، دوای ئەوەی بەپێچو کۆڵانەکانی لێکدانەوەیەکی ئالۆزکاودا، بۆ "ئاراستەکانی سەرمایە وسەرمایەداری گلۆباڵ، هەلومەرجی ئینتقالی،

دەوڵەت..." ڕەت دەبێ و"سەربەخۆیی ئەمڕۆ" دەکات بەدژی "سەربەخۆیی مەنسورحکمەت" دا ئەو حوکمە دەردەکێشێ کە"سەربەخۆی و پێکهێنانی دەولەت لەم قۆناغەدا سیاسەتێکی ناسیونالیستیە". سەرەنجامێش لەبەر ڕۆشنایی ئەم حوکمەو لێکدانەوەکانیدا هەلویستی کۆمۆنیستی لەڕیفراندۆم بەوەدیاری دەکات کە" بانگەوازی خەڵک بکرێت بۆ بەشداریکردن و دەنگدان بە " نا" یەکی گەورە بۆ ئەم جیابونەوەیەی پارتی و بارزانی"!.

چوارەم: لەوتاری "دەوڵەتی کوردی و دیباتی نێوان کۆمۆنیزم و ناسیونالیزم!"دا، هاوڕێ سامان پاش ئەوەی ریفراندۆم وەک سەنتەرێک بۆ یەکلاکردنەوە وکۆرانکاریە جیهانی وناوچەیی وناوخۆییەکان وچارەسەری گرفتەکانی بۆرژوازی جیهانی، سیاسەتی ئەمریکاو..لەبەرچاودەگرێ، بەوە دەگات کەبەکۆمۆنیستەکان بلێت:

"وەک چەند جار وتومە لەهەردوولای " نەخێر"و " بەڵێ" بزوتنەوەی ئێمە لەم هەلومەرجە دەستکەوتیک بەدەست ناهێنیت. بەلام مەسەلەکە ئەوەیە کە دەبینە بەشیک لە قولبونەوەی کێشە نەتەوەییەکانی ناوچەکەو پرۆژەی چارەسەرکردنی کیشەکانی بورژوایی جیهانی، بەرژوەندییەکانی ئەمریکا؟! دەبێت نەبین.."

بێگومان مەنتقی ئەم قسەیەش بەو هەڵوێستە دەگات کەڕیفراندۆم "چ بەبەڵێ و چ بەنەخێر" دەستکەوتێکی بۆ کۆمۆنیستەکان تێدا نییە و بۆئەوەی نەبنە بەشێک لەپرۆژەی ئەمریکا، باشترە بەفەرامۆشی بیسپێرین!!.

پێنجەم: لەفایلێکی ڤیدیۆییدا لەوەلام بە بەکەمپینی "نەخێر لەئێستادا" هاوڕی سامان دوا هەڵویستی خۆی لەڕیفراندۆم وسەربەخۆیی، هەواڵەمان دەکات بۆ سەردەمانێک کەدەسەلاتی خەڵک دامەزراوە، ئەمەش بەو حاڵەوە کە"ئایا خەڵکی کوردستان ڕیفراندۆم دەکەن یان نا، وە ئایا جیادەبنەوە یان نا"!.. بەم جۆرەش پێمان نالێت تا ئەو کاتەی خەڵک بەدەسەلاتی خۆیان دەگەن دەبی چیبکەن وچ هەڵویستێکیان هەبێت لەسەر کێشەیەکی قەومی بەناوی مەسەلەی کوردەوە، کەبەرۆکی پێگرتوون؟ ئایا ئەمە راگرتنی خەڵک نییە لەچاوەڕوانیدا بەدیار دۆخی ئیستاو ململانێی هیزە ناسیونالیستەکانی کوردو دەولەتی عێراقەوە؟. پاش ئەم هەموو زیکزاک لێدانە ئێمە نازانین لەووتار وئاخافتنی داهاتوودا چ پێچێکیتر لێدەداتەوە وچیمان پێدەڵێت؟ بەڵام ئەوەی مەعلومە ئەویە کەئەم هەموو زیکزاکلێدانە ناتوانێ بەهیچ کلۆجێک بخرێتە خانەی تیوەری ساغکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێستی کۆمۆنیستیەوە. ئەگەر لەهەموو ئەم زیکزاکلێدانانەش، بگوزەرێین، دیسانەوە چۆن ئەو ناکۆکیە چارەسەر دەبێت کەلە لیکچواندنی ریفراندۆم و "مەسەلەی کۆریا"دا هاتۆتە ئاراوە؟

## نائەمانەتداری لەگویزانەوەی بۆ چونەکاندا!

ئەو شێوازەی کەهاوڕی سامان لەجەدەلی سیاسیدا پەیرەوی لێکردووە، نا ئەمانەتداری لەگوێزانەوەی بۆچونەکانیشی لێکەوتۆتەوە. ئەو کە لەبەشی دوومی وتارەکەیدا هەوڵیدا بوو بۆ ئەوەی لەنیوان دوو بەیاننامەی حزبدا ناکۆکی دروست بکات، خۆی بەیەکێکیاندا هەڵواسێ و دژایەتی ئەوی تریانی کرد، تا لەم ڕێگایەوە سیاسەتی حزب بەناسونالسیتی پێ لەقەڵەم بدا. بەدیاریکراویش لەوتاری "ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!- وەڵامێک بەهاوڕێ سامان کەریم- " بەرۆشنی هەقیقەتی ئەم بابەتەمان بەم جۆرەی خوارەوە ڕونکردەوە وخستمانە بەردەست بەڕیزیان:

"بەلام لەپەیوەند بەبەیاننامەی حوزەیرانەوە دۆخەکە دەچێتە ئاستێکی تر، ئیتر "دوای کەمتر لەدوو مانگ" حزب وریفراندۆم دەکەوێتە"بازنەی کاتو شوێنی دیاری کراوەوە" بۆیە مانای تایبەتی خۆی وەردەگرێ، ئەویش ئەوەیە کەمەسعود بارزانی وپارتی راستەوخۆ لە ژێر گوشارێکی فراوانی کۆمەلایەتیدا، کەئێمەش تیا بەشداربووین، لەدژی ئەوەی کە"ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوە نییە"، هاتە پای سازدانی ڕیفراندۆم و بەپۆستەکەیەوە 25ی سیبتەمبەری دیاری کرد. دواتریش هەموو حزبەکان جگەلە ئێمەو گۆران و کۆمەڵ، پابەند دەکات بەم ڕاگەیاندنەی خۆیەوە، هەروەها دەزگای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان ئاگادار دەکاتەوەو بڕیاری بودجە بۆ سازدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم دەدات. لەمەش زیاتر بارزانی ڕای گەیاند کە ڕیفراندۆم لەهەموو ناوچە کوردنشینەکاندا بۆ وەلامدانەوەیە بەپرسیاری جیابونەوەو سەربەخۆیی ئا یان نا... پاشان ڕیفراندۆمێکی تر بۆ ناوچە جێناکۆکەکان کەئایا لەگەڵ عێراق دەمێننەوە یان لەگەڵ کوردستانی سەربەخۆ.. هەموو ئەم گۆڕانکاریە تازانە بوونە بنەما بۆ بەیاننامەی حوزەیرانی حزب."

بەلام هاوڕێ سامان هەموو ئەو فاکتۆرانەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پیدراوەو ئاڵوگۆڕ لەدۆخەکەدا نیشاندەدەن، ئاگاهانە نادیدەگرتووە وبۆ مەرامی خۆی لەوەدا دایڕشتۆتەوە کەگوایە حزب لەهەڵویستەکانیدا شوێن "ئاڵوگۆر لەقسەی بەرزانیدا کەوتووە"، ئەوەتا دەڵێت:

" نەک وەک لێکدانەوەکەی هاوڕێی ئازیزم خەسرەو کە باسی ئاڵوگۆری سیاسەتی خۆیان دەکات لە نێوان دوو بەیاننامە جیاوازەکەیاندا، هەموو ئاڵوگۆڕەکان دەباتەوە سەر ئەوەی کە ئاڵوگۆڕ لە قسەی بارزانیدا ڕوویداوە!!!!. ئەوە لێکدانەوەی بابەتی نیە چ جا کۆمۆنیستی. من نازانم لە کەیەوە کۆمۆنیستەکان بە پێی قسەی بارزانی سیاسەتیان گۆڕیوە و، بارزانی بۆتە جێگای باوەڕمان ئەوە دەبێت هاوڕێ خەسرەو وەڵامی بداتەوە.

ئەمە ئیتر شیواندنێکی ئاشکراو نائەمانەتداریە لەگواستەنەوەی بۆچونەکاندا، ئەمە تەحویری قسەی بەرامبەرە بۆ ئەوەی بێنرخی بکەیت و بتوانێ ڕەخنەی لیبگری!. هاوڕی سامان نایەوێت بروا بەوەبکات کە لەئاکامی فشارێکی کۆمەلایەتیدا هەڵویستی بەرزانی لەبەرامبەر ڕیفراندۆمدا لەموزایەدەو قسەدا نەمایەوەو کۆمەڵگای بەرەو جەمسەربەندیەکی نوێ راکێشا. تەنانەت نایەوێت بروابەوە بکات کەپارتیو زیاتر لە17 حزب ولایەن هاتونەتە پای بەرپاکردنی ڕیفراندۆم وئەمەش بۆ سەربەخۆیی بێت، بەبێ ئەوەی پرس بەهیچ لایەکیش بکرێت. لەمەش زیاتر نایەوێت بروا بکات بەوەی کەبارزانی ولایەنەکانیتر بۆ یەکەمجارە هاتۆنەتە ژێرباری بەشیک لەو پرەنسیپانەی کە لە میژوی کوردستاندا پیشتر تەنها ئیمە باسمان کردوە لەوانە: ئەنجام دانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆی لە هەموو ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و هەموو دانیشتوان بەدەر لەوەی کوردزمانن یان هەر زمانیکی تریان هەبیت، مافی دەنگدانیان هەیە. لەمەش گرنگتر بۆ یەکەمجارە ناسیۆنالیزمی کورد ئەوەی قبول کردوە کە ئەگەر دانیشتوانی ئەوناوچانە بەدەر لەوەی قەومیەتیان چیە دەنگیاندا بە مانەوە لەگەل عیراقدا ئەوان ریز لەراکەیان دەگرن وبەمافی ئەوانی دەزانن لەگەل عیراق بمیننەوە. لانی کەم لە ئاست راگەیاندندا بەکاربردنی زەخت و فشاریان مەحکوم کردووە، هەروەها قەبوڵیان کردووە کەلایەنی رەسمی نیودەولەتی بەسەر ڕیفراندۆمدا چاودێر بیت، بۆئەمەش نەتەوە یەکگرتوەکان و چاودیرانی جیهانیان بانگیشت کردوە.. ئەمانە بەشیکی زۆر لەو پرەنسیپانەیە کە ئیمە ٢٢ سالە بە تەنها پیداگری لەسەر دەکەین. بەڵام ئایا هەموو ئەمانە تەنها لەقاڵبی قسەو فەرمودەی کاک مسعوددان، کەگوایە ئیمە لەسەر بنەمای قسەی ئەو هەلویستمان گۆڕیوە؟ ئایا بەراستی هاوڕێ سامان لەوە تێدەگات کەکۆمۆنیستەکان لەبەرامبەر سیاسەتدا سیاسەت دیاری دەکەن؟ یانی ئەگەر سیاسەت دەنگۆی ریفراندۆمێک بیت بۆ کارتی فشار، جۆریک هەلویستی لێ دەگرن و ئەگەریش سیاسەت ریفراندۆمێک بیت، کە راشکاوانە راگەینرابیت و کاتی بۆ دیاری کرابیت و چەندین ئەحزابی سیاسی هاتبیتە پالی و بەشیک لەپرەنسیپەکانی بۆ دیاری کرابیت، بەپیویست جۆریکی تر هەلویستی لیدەگرن!. لەگەڵ هەموو ئەم حالەتانەشدا تازە هیشتا بە هیچ جۆریک قسەی ئیمە ئەوە نیە کە حەتمەن ریفراندۆم لەکاتی خۆیدا دەکریت، دەزانین فشاریکی زۆر هەیە و ئەم حزبانەش هەمیشە ئامادەن خواست و بەرژەوەندی خەلک هەرزان فرۆش بکەن و رەنگە ئەمجارەش بیکەن. بۆیە ئیمە دەبی فشار بێنین کەوا نەکەن وە ئەگەر کردیان دژی راوەستین و خۆمان وەکو خاوەنی ئەسلی ریفراندۆم بمینینەوە. بەتایبەتی رووداوەکانی ئەم ماوەیە تا رادەیەکی زۆر ریفراندۆم ریگاچارەی ئیمەی لە کوردستان هەمەگیر و ئاسانترکردووە و دەبی بەردەوام بین لەسەری هەتا ئەگەر بارزانیش پاشەکشەی کرد.

بەدوای خستنەرووی ئەم هەموو راستیانە دەمەوێت ئەوە بلێم بۆ کەسێک کەلەجەدەلی سیاسیدا شوێن کەوتەی قانعکردنی بەلگەداری بەرامبەری نەبێ وئامانجی ئەوەبێت بەهەر نرخێک بووە ڕای خۆی بەدروست بسەلمێنێ، بەپێویست پەناش بۆ تەحویرو شێواندنی بۆچونی بەرامبەرەکەی دەبات، چونکە ئەمە چەکێکە بۆ بەزاندی "حەریف"، نەک دیالۆگ لەگەڵ هاوسنگەرو هاوخەباتی خۆدا. لەم پەیوەندەشدا وەلامی من بۆ تۆ ئەی هاوڕیی ئازیز ئەوەیە کە بەڕیزتان دەتانتوانی بەسادەیی هیچ قسەو بۆچونێکی منتان لاپەسەند نەبوایەو سەراپا ڕەتتان بکردایەتەوە، بەلام دروست نییە بۆ ئێوەیەک کەباس لەنمایشکردنی ئەلگۆیەکی راقی ومۆدێرن دەکەن ئەمەنەتدارنەبن لەگویزانەوەی بۆچوونی بەرامبەرەکەتاندا وەک خۆی!.

## نیسبیەتی سیاسی .. "هاوڕی خەسرەوی بەرژەوەندیخواز وهاوڕێ سامانی موتەحەزب"!

لەدواین وێستگەی وەڵامەکەی هاوڕی ساماندا، ئیفرازاتی شیوازی جەدەلکردنەکەی بەخاڵێک دەگات کەئیتر نەک هەر جێگایەک بۆ گەیشتن بەهەقیقەت لەم جەدەلەدا ناهێلیتەوە، بەڵکو ئینسان بەو ئەنجامە دەگەیەنی کەدیالۆک لەگەڵیدا بۆ جوڵانەوەکەمان بێسودە ورەنگە عاقیبەتێکی خراپێشی بەدواوەبێت. لەم وێستگەیەدا هاوڕی سامان دەستەواژەی "نیسبیەتی سیاسی" خواستوە، تا "بەرژەوەندی خوازی" منی پێ کەشف بکات، ئەویش لەبەرامبەر "هەڵویستەیەکی دڵسۆزانە"دا، کەلە سەرەتای وەلامەکەم بەهەردوو بەشی وتارەکەی لەمەر ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی خستومەتەڕوو. هەڵویستەیەک کە هاوڕێ سامانی لەسونەتێکی ناحزبی ومەترسیەک ئاگادارکردۆتەوەو هیوای خواستوە بەبەرپرسیارێەتیەوە مامەلەی لەگەڵدا بکرێ، ئەویش بەوەی کەلەم جەدەلەدا بەرژەوەندی جولانەوەو حزبەکانی کۆمۆنیزمی کریکاری وهەوڵدان بۆیەکگرتوو هێشتنەوەی

ڕیزەکانیان لەدەوری سیاسەتێکی کۆمۆنیستی، بەئەسڵ وەربگیرێ و نەکریتە قوربانی ڕای شەخسی کەسانەوە، بەتایبەتی کەخیلافاتەکەن لەسەر بابەتێکی تاکتیکیە. بەڵام هاوڕی سامان ئەم هەلویستەیەی چۆن وەرگرتووە؟. ئەو دەڵێت:

"بەپێویستم زانی کۆتایی باسەکە لەسەر پێشەکی نوسینەکەی هاوڕێم خەسرەو بێت. کەسەرتاپای پێشەکیەکەی پەیوەندی نیە بە باسی ریفراندۆمە. وەک نمونە باسی "ناحزبی بوونی سامان کەریم و ڕیفراندۆم" دەکەم من نەمزانی بوو کە پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لە نێوان ناحزبی بونی من و ڕیفراندۆمدا هەیە. ئێستا دوای نوسینەکەی هاورێی بەڕیزو خۆشەویستم  خەسرەو تێگەیشتم کە ئەو پەیوەندییە هەیە. پەیوەندیەکی دیالەکتیکی پێچەوانەیی "مەعکوس" لەنێوان ناحزبی بوونی سامان کەریم و ڕیفراندۆمدا هەیە. پەیوەندیەکەش بەم شێوەیەیە. سامان ناحزبیە، کەواتە ڕیفراندۆم و سیاسەتی هاوڕی خەسرەو دروستە. سامان حزبیە کەواتە سیاسەت و تێڕوانینی هاوڕی خەسرەو هەر دروستە. ئەمە بەڕاستی نوکتەیە و پەیوەندی بە باسەکەمانەوە نیە. "باسی ناحزبی" و" ڕەئی شەخسی گرینگە یان حزبی" و " یەکریزی جولانەوە"و شتی لەم بابەتە.....هیچیان پەیوەندیان نیە بە باسەکەوە. بەرژەوەندی هاوڕی خەسرەو لەم باسەیدا ڕۆشنە، بەرژەوەندییەک کە مانای نیسبیەتی سیاسی  هەیە بە قازانی خۆ، چونکە پایەیەکی واقعی نیەو تەنانەت بێ ویژدانی پیوە دیارە. بەڵام لەبەرئەوەی هاوڕی دڵخۆشە و پێی وایە تەوەرەیەکی باشی گرتوە، من وەڵامی نادەمەوە. و هیوادارم لە گفتوگۆو دیباتی نێوانماندا دانەبەزینە ئاستی ئەم شێوەیە لە نیسبیەتی سیاسی. پیویستە ئەلگۆیەکی ڕاقی و مۆدێرن لە دیبات وگفتوگوو بۆ کۆمەڵگا نمایش بکەین."

لەوەڵام بەو بۆچوونانەی کەلەدوتوێی ئەم ڕستانەی سەرەوەدا خۆیان نمایش کردووە، ڕاوەستان لەسەر چەند خاڵێک بەپیویست دەزانم:

یەکەم: بەدڵنیایەوە "سەرتاپای پێشەکەیەکە" پەیوەندی ڕاستەوخۆی نییە بەباسی ڕیفراندۆمەوە. بەڵام پەیوەندی بەیەک مەسەلەی گرنگەوە هەیە، ئەویش هەلسوکەوتی رابەرانێکی حزب وشیوازی مامەڵە کردنیانە لەگەڵ باسێکی سیاسی وجیاوازیەک لەبۆچن وهەلویستدا، کەلەم پەیوەندەدا سەریهەڵداوە. مەسەلەکە ئەوەیە هاوڕی سامان کەلەرابەری حزبێکدایە، پێش حزبەکەی کەوتووە ونەزەری شەخسی خستۆتە پێش سیاسەتی حزبەکەیەوە، نەزەرێک کە ناکۆکی تەواوی هەیە لەگەل بەرنامە و پەسەندکراوەکانی حزبەکەی خۆیدا، ئایا ئەم سونەتە دروستو حزبیە؟ ئایا ئیتر رەوایە داوا لەئەندامان بکرێ ئیلتزام بەبڕیارەکانی حزبەوە بکەن؟ ئایا درێژەکێشانو بەرین بوونەوەی ئەم سونەتە مەترسی لیکترازانی بەدواوە نییە؟ بەداخەوە هاوڕی سامان بەو هۆیەوەکە بۆچونەکانی خۆی بەسەنتەری هەر راستیەک داناوە، نە ئەم هەستەی هەیە ونەدەیەوێت پەیوەندی نیوان ڕیفراندۆم و"سەرتاپای پێشەکی" وتارەکەی من ببینێ.

دووەم: هاوڕی سامان بۆ ئەوەی سونەتێکی هەلەو ناحزبی نەسەلمێنێ وبگرە بەتەحقیرەوە لەو ڕەخنەو سەرنجەش بروانێ کەڕووبەروی کراوەتەوە، دەست بۆ سیناریۆیەکی زهنی دەباو دیالەکتیک دەبەخشیتەوە و دەنوسێ: "پەیوەندیەکی دیالەکتیکی پێچەوانەیی "مەعکوس" لەنێوان ناحزبی بوونی سامان کەریم و ڕیفراندۆمدا هەیە. پەیوەندیەکەش بەم شێوەیەیە. سامان ناحزبیە، کەواتە ڕیفراندۆم و سیاسەتی هاوڕی خەسرەو دروستە. سامان حزبیە کەواتە سیاسەت و تێڕوانینی هاوڕی خەسرەو هەر دروستە. ئەمە بەڕاستی نوکتەیە و پەیوەندی بە باسەکەمانەوە نیە".. ئایا ئەم قسانە خۆیان "نوکتەن" یان ڕەخنەیەک کەگیراوە، بەتایبەتی کەهیچ مانایەکیان نیە وهیچ زانیاری وراستیەک نابەخشن لەم جەدەلە سیاسیەدا؟.

ئەمە لەکاتێکدایە هاورێ سامان بەڕۆشنی داوێتی بەژیر بەرنامەو سیاسەتی رەسمی حزبەکەیدا، کارێکی ئاواش پێشێلکردنی سەرەتایترین مەوازین و تعهدی حزبیە و بەندیکی بەرجەستەی بنەما ریکخراوەییەکانی حزبەکەیەتی. بەندێک کەدەبێ نەک هەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بەلکو سەرجەم کادران و ئەندامانی کۆمیتە حزبیەکان پابەندبن پیوەی. باسی نیسبیەتی سیاسی چۆن سەرپێچی وئەم حاڵەتەی پێ پینەدەکریت؟! پاشان ئەوە چ تقلیدیکی کۆمۆنیستییە، چ ئەلگۆیەکی ڕاقیو مۆدێرنە، ئەو سیاسەتەی کەبە بەشداری خۆت لەبەرنامەو بەیاننامەی رەسمی حزبەکەتدا تەدوینکراوەو دەنگت لەسەرداوە. کەچێ بەپێی پێوانەی نەزەری شەخسی خۆت هەمان سیاسەت لەحزبی هاوپەیمانتدا بۆتە ناسیونالیستی و بە کەوتنەپال جەمسەری ئەمریکا و دژایەتی کردنی بەرژەوەندیەکانی کریکاران و واژۆکردنی وەرەقەی سپی بۆ بورژوازی، تۆمەتباری دەکەیت؟! ئایا حاڵەتێکی ئاوا تۆمەتگەلێکی گەورە لە حزبیکی کۆمۆنیستی کەهاوپەیمانی خۆتانە ناخاتە ئەستۆتەوە؟.

سێهەم: لەبەرانبەر ئەوەشدا کەدەڵێیت: -"باسی ناحزبی" و" ڕەئی شەخسی گرینگە یان حزبی" و " یەکریزی جولانەوە"و شتی لەم بابەتە) ...هیچیان پەیوەندیان نیە بە باسەکەوە.- قسەیەکە بۆ خۆلادان لەبەرپرسیارێتی وملی نەدان بەرەخنەیەک کەگیراوە.

وەیا لانی کەم فەرامۆش کردنیەتی!. دیسانەوە ئەوە ڕاستە کەباسی "ناحزبی ورەئی شەخسی ویەکریزی جولانەوە وشتی لەم جۆرە" پەیوەندی بەباسەکەوە نییە، بەلام هاتنەکایەوەیان بەرئەنجامی شیوازی جەدەلێکە کەهاوڕی سامان لەسەرێکیدا راوەستاوە ونایەوێت ئیفرازاتە زیانبارەکانی ببینێ وبۆ بەرگرتن پێی هەنگاوێک هەڵگرێ!. ئایا ئیتر دەتوانرێ ئەو دەیان لاپەرەیەی کەلەسەر حزبیەتو تەحەزوبی کۆمۆنستی بەڕیزیان ڕەشی کردۆتەوە، بەباسێکی جدیو مەسئولانە وەربگیرێ؟

چوارەم: "خەسرەو بەرژەوەندی خوازە" چونکە باسی "ناحزبی ورەئی شەخسی وحزبی" لەپەیوەند بەڕیفراندۆمەوە ئاماژە پێداوە، تا ڕای خۆی بسەلمێنێ!.. بەراستی ئەمە چ مەنتقێکە کەهاوڕی سامان بیری پێدەکاتەوە؟ پاشان چ بەرژەوەندیەکی شەخسی و خراپ لەوەدا هەیە کەڕەفقی خۆت لەسونەتێکی هەڵە ومەترسیەکانی ئاگادار بکەیتەوە؟ ئایا هێچ ئەقڵێکی سەلیم کەبەشوێن ڕاستیەوە بێ وخۆی بەسەنتەر نەبینێ، ئاوا بیردەکاتەوە؟. بەلام سامان حزبیە، چونکە "نیسبیەتی سیاسی" ئەو مانایەی هەیە کەباسی تەحەزوب پەیوەندی نییە بەڕیفراندۆمەوە!.. ئەمە ئەو حیکایەتە دروستکراوەیە کە" بێ ویژدانی پیوە دیارە ".

دوایین خاڵ لەسەر ئەم ڕستەیە رادەوەستم کەهاوڕی سامان نوسیویەتی:" بەڵام لەبەرئەوەی هاوڕی دڵخۆشە و پێی وایە تەوەرەیەکی باشی گرتوە، من وەڵامی نادەمەوە.".. ئەمە بەخشندەیی نیە، بەلکو موجامەلەیەکی سیاسی بێتامە، لەجەدەلی سیاسیدا. ئەمە فەرامۆشکردنی ڕاستیەکانی ڕەخنەیەکە لەژێر ناوی "دڵخۆشکردنی هاوڕێیەکدا" ئەمە نا ئوسولیە لەبیرکردنەوەدا، بەتایبەتی، کەپێتوایە هاورێکەت، هەلەیە بەلام چاوپۆشی لێدکەیت، چونکە دلێ پێخۆشە!!. ئەمە دڵسۆزی وراستگۆیی نییە، بەڵکو ڕاکردنە لەهەقیقەتی بەرپرسیارێتی.. سەرەنجامیش کۆمۆنستی نیە، ئسوڵی نییە، ڕاقی ومۆدێرنیش نییە.. بەداخەوەم بۆ هێنانە خوارەوەی جەدەلی سیاسی بۆئاستێکی لەم جۆرە.

کۆتایی ئابی 2017